### دوای هەوڵو بەدواداچوونێکی ورد

# سەرۆکو دەستەیەکی نوێ بۆ تیپی خونچەکانی مەخموور دادەنرێت



**خەلیل پالانی**

دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر تەمەنی تیپەکەیاندا، تیپی خونچەکانی مەخموور بەهۆی نەبوونی چالاکیو بە هەدەر چوونی بوودجەکەیان کە یەك ملیۆن دینارەو نەبوونی دادپەروەری لەبەڕێوەبردنی تیپەکە، هانا بۆ لایەنی پەیوەندیدارو بەرپرسانی ئیدارەی ناوچەکە دەبەنو لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد سەرۆکو دەستەیەکی نوێ بۆ تیپەکە دادەمەزرێت. (سالار نەورۆز) سەرۆکی نوێی تیپەکە سەبارەت بە کارو چالاکی تیپە لەماوەی رابردوو وتی "ماوەی ساڵێکە ئەم تیپە دامەزراوەو بڕی یەك ملیۆن دیناری پێدراوە، ئەگەرچی هیچ چالاکییەکی نەبووە"، دەربارەی کارو بەرنامەی داهاتووی تیپەکەیان وتی "ئامانجی ئێمە کارکردنو ئەنجامدانی چالاکی هەمەجۆرە بۆ منداڵانی مەخموور"، دەستەی کارگێڕی نوێ پێکهاتووە لە (عیماد جەوهەر)و (ریاز سەدیق)و ئەندامێتی (محەممەد خالید)، ئەو وتیشی "جگە لەتیپی ئێمە تیپی دیکەش هەن، بەڵام وەکو سەرەتایەك بۆ نەمانی ئەو شتە، پێویستە ئێمە وەکو گەنجانی دەڤەرەکە چاونەترس بینو کار بکەین لەسەر بنەماو بنچینەی راستەقینە، پێشتر کە تیپەکەمان بوودجەی ملیۆنێك دینار بوو چالاکی نەکراوە، ئێمە دەمانەوێت بەم بڕە پارەیە چالاکی ئەنجام بدەینو کارو چالاکییەکانمان دیاربێت نەك وەکو پێشوتر"، هەروەها سەرۆکی نوێی تیپەکە زیتر لەسەر بووجە دواو وتی "پێشتر بودجە وەرگیراوەو چالاکی ئەنجام نەدراوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیانو ویژدانی ئەو کەسانەی کە پێشتر بەڕێوەیان بردووە"، دەربارەی ئەوەی کە ئەوانیش وەکو دەستەی کارگێڕی پێشوو کاریان دەکرد چۆن ئاگاداری خەرجکردنی پارەکە نین وتی "ئەو بودجەیەی کە پێشتر وەردەگیرا ئێمە ئاگاداری نەبووین، ئێمە تەنیا واژۆمان لەسەر پسوولەی پارە دەکرد، بۆ نموونە واژۆمان لەسەر پسولەیەك دەکرد کە شەست هەزار دیناری لەسەر نووسرابوو، بەڵام تەنیاسی هەزارمان پێدەدرا، ئەو شتانە ئێمەیان بریندار کرد، وێڕای ئەوەش بە سواڵکەریش ناودەبراین"، دەربارەی گۆڕینی ستافو بەتایبەتی سەرۆکی تیپەکە سەرۆکی تیپی خونچەکان وتی "ئێمە بە پشتگیری تەواوو بەدواداچوونی وردی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە، توانیمان زاڵ بین بەسەر ئەو نادادپەروەرییەی کە دەرهەق بە ئێمەو تیپەکەمان دەکرا، لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم، هیوادارم هەمیشە وا بەردەوامکار بۆ ئەم مەسەلانە بکرێت".

## ماچ



**موحسین شوانی**

چی خۆشترە لەتامی ماچ؟
ماچی دڵدار
ماچی هیلال
یا ماچی دەست..
یا ماچی خاچ
هەندێ ماچی کەعبە ئەکەن
هەندێ ماچی شێخو مەرقەد
هەندێ ماچی خوێنی شەهید
هەندێ ماچی
خاك...
چیا...
بەرد...
بەڵام تخوا ماچی دەستو
دەمی دوژمن
چ پاداشتت هەیە بۆ من؟

# نووسینی نامەی مۆبایل شوفێران دووچاری رووداوەکانی رێگاوبان دەکات

**هیوا قادر**

نووسینی نامەیەکی مۆبایل لەکاتی ئۆتۆمبێل لێخورین لەوانە ببێتە هۆی کارساتێکی زۆر مەترسیدار... پۆلیسی ولاتی وێلز فیلمێکی خەیاڵیە بەرهەم هێناوە کە بووە هۆی جێگای سەرنجی ملیۆنان کەس لەسەرتاسەری جیهان .... فیلمەکەش بەبەشداری ئەکتەرو دەرهێنەرە بەریتانییەکان بوو ئامانجیش لەم فیلمە خەیاڵییە هۆشداری بەریتانییەکانە لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی ئۆتۆمبێل لێخوریندا.

لەمانگی رابردووش لەرێگەی (یوتیوب) لەسەر تۆری ئینتەرنێت دیمەنەکانی ئەم فیلمەی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن ٦ ملیۆن کەس سەیر کراوە بیرۆکەی فیلمەکە توێژینەوەی رێگاوبان بەریتانیا وەرگیراوە ئاشکراشی کردووە لەنووسینی نامەیەکی مۆبایل مەترسیدارترە لە خواردنەوەی کحول لەکاتی لێخورینی ئۆتۆمبێل... وردبوونەوەی کەسی شوفێرە لەکاتی نووسینی نامەی مۆبایل لەرێژەی (٣٥٪) کەمدەبێتەوە، لەکاتێکدا شوفێرە سەرخۆشەکان ئاستی وردبوونەوەیان لەرێخورینی ئۆتۆمبێل تەنها (١٢٪) کەمدەبێتەوە. لەپێش ئەم توێژینەوە بەریتانیاش توێژینەوەیەکی ئەمریکی لەلایەن پەیمانگالی (فێرجینا) ئەنجام درابوو پشتی بەکامێری دانـدراوە بەستبوو بۆ چاودێری شوفێرەکان، دەرخستنی کە مەترسی رووداوەکانی هاتوچۆ زیاد دەکات بەدرێژەی ٣ جار لەکاتی ئەنجام دانی پەیوەندی تەلەفۆنو بەرێژەی ٦ جاریش زیاد دەکات لەکاتی هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی تەلەفۆنو مۆبایلو بەرێژەش دەکاتە ٢٣ جار زیاتر دەکات ئەگەر هەوڵی نووسینی نامەیەك بدرێت.



## حەیران

حەیران ئەمن ئەوڕۆکە چەندم گازدەکرد لە کانیێ غەزەرایێ
چەندە شیرنە وەکی فەسلی دەرە بواران کیژو کاری گوندێ مە
دەچنەوە سەرێ
ئەمن دەچوومە سەر چیایەکەی قەرەچووغێ زەینێ خۆم
دەداوە دەشتێ کاولە قەراجێ چەندە ڕەنگینە وەکی
ڕەشمال دێنە سەر غەرێ
دەم گۆتە نازدار حەیرانەکەی خۆم دەوەرە غەدار باب دەستی
خۆمان
تێکەر بکەین با بچینەوە دەرێ لە کاولە مەفتەنێ

**ئەمە حەیرانی مام کەمال بندیان**
**عەبدولرەزاق مەرزانی نووسیویەتی**

# میلۆدی کوردیو چارەنووسێکی نادیار بۆ نەوەی داهاتوو

**محەممەد خالید**

دیارە ئاشکرایە بەدرێژایی مێژوو کوردستان بەسەر چوار ولاتی داگیرکار دابەشکراوە، کە سێ نەتەوەی سەردەست (عەرەب، تورك، فارس) دەسەلاتی کوردستانیان بەدەست بووە، کە هەمیشە سیاسەتی لەناوبردنو قرکردنیان لەبەرامبەر نەتەوەی کورد پیادەکردووە، سەرەڕای داگیرکردنی خاكو پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوساندنەوەی کورد پەلاماری کلتوورەکەشی داوە، بەتایبەتی هونەری گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەهەموو شێوازێك لەهەوڵی ئەنفالکردنی فۆلکلۆرەکەی بوونە.

هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە خاوەنی هونەری تایبەت بەخۆیەتی کە هەڵقولاوی سروشتیو ناخی میللەتەکەیە، بەدڵنیاییەوە ئێمەی کورد خاوەنی هونەرێکی رەسەنی لەبن نەهاتووی خۆمانین، زانای چینی (کۆنفۆنشیوس) دەڵێ "ئەگەر بتەوێت پلەو پایەی شارستانی هەر میللەتێك بزانی، ئەوا گوێت بۆ مۆسیقاکەی راگرە" رەنگە ئەوە بازنەیەکی کراوە بێت بۆ ئەوەی توانای هەر گەلێكو میللەتێکی شارستانیو پێشکەوتوو دەستنیشان بکرێت، کوردیش وەك میللەتانی تر دەوڵەمەندە بەهونەری خۆی بەتایبەت هونەری (گۆرانیو میوزیك)، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانیووە بەجیهانی بکەین، ئێستاش هەندێك میلۆدی بێگانە لەلایەن چەند کەسانێکەوە خزێندراوەتە نێو ئەرشیفی هونەری گۆرانیو میوزیکی کوردی، دەتوانم بڵێم ئەو میلۆدییانە تەنها تێکستەکانیان کوردین، هەر بۆیە ئەوانە جگە لەزیان هیچ سوودو خزمەتێکی ئەوتۆ بە میللەتەکەمان ناگەیەنێت، چونکە ئاوازو ئامادەکردنەکانیان تامو چێژی (عەرەبیو تورکیو فارسی)یان بەسەردا زاڵە، هەروەها پێشقەچوونی هونەری کوردی نییە، بەڵکو کارەساتو لێشاوێکی گەورەی بەدواوەیە، ئەوەش وای لێدێت نەوەی داهاتوو میلۆدی کوردی لەگەڵ نەتەوەکانی تر نەتوانێت لێك جیا بکاتەوە، کەواتە پێویستە بە هەموو لایەکمان وەك ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتیمانی بەرگریی لە هونەری ئاوازی رەسەنی کوردی بکەین بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا بەرامبەر بەنەوەی نوێ خۆمان بەشەرمەزار نەزانین.



## دەگێڕنەوە

رۆژێك کچێك داخوازی دێت ئەو کچەش زڕدایکی هەبوو، جاران کچ داخوازی بهاتبوایە دەبوایە نانو هەویر بکات تاکو ماڵە خەزوران ئیشو کردەوەی کچە ببیننو پێی رازی بن، زڕدایکەکە چوو هەندێ هەویری بۆ زڕکچەکە کرد تاکو کچەکە سەرکەوتون نەبێت لەکارەکەی. خەسوو خەزور بانگی کچەکەیان کرد بۆ تاقیکردنەوەی نان کردن، کچەش بێ دوودڵی چووە بەر نان زانی هەویر شلە ئەم چەند دێرەی وت:

هەیهایێ هەیهایێ هەیهایێ
هەویر شلە نان لێنایێ
زڕدایکەو کەیفی پێمنایێ

ماڵەکە زۆر سوپاسی کچەکەیان کردو وتیان بەڕاستی کچێکی عاقڵو ژیرە.

# زاری کرمانجی دەشتی قەراجو کەندێناوە

**نیاز عەبدولقادر شەناغەیی**

١ - خەزێم: ئافرەت بۆ جوانی بەکاری دێنێ بەلایەکی لووتەوە قایم دەکرێ.

٢ - دۆغەوا: جۆرە چێشتێکە لە (کفتە) دەچێت، قیمەکەی لە هێلکەو پیاز پێك دێت، مەرەگەکەشی لەماستاوو تەرەپیاز دروست دەکرێ.

٣ - خڕنۆك: گیایەکی دڕکاوییە بەرەکەی دوای وشك بوونەوەی بۆ چارەسەرکردنی کول بوونی دەمو نەخۆشی گەدە بەکاردێ، تامی بەرەکەشی (تفتە).

٤ - تەشی: ئامێرێکی خوری رستنە لەدار دروستکراوە، ئافرەت بەدەست بەکاری دێنێ.

٥ - قاویت: گەنم دەبڕژێنرێ ئینجا دەکوترێ دواجار بۆ (شەوچەرە) لەگەڵ خورما دەخورێ.

٦ - شێرباق: رۆنی کونجی، ئەو فانۆسی جاران کە بەڕۆنی کونجی کاری دەکردووەو لەکارێزەکان بەکارهاتووەو دووکەڵیشی نەبووە.

### کاوڕ

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی نیازی دڵی تۆی هەیە کاریگەرییەکانی کەم بکاتەوەو رێگەیەکی سادەت پێبدات تاوەکو تێبگەیت، مەهێڵە رێگەکانت لێوە بزر بێت، لەرێگەیەکی دیکەوە لەخۆشەویستت نزیك ببەوە.

### گا

ئەم کاتە گونجاوە تا پێداچوونەوەیەکی تەواو بەژیانی کەسایەتی خۆت بدەیت، ئەم هەوڵانەی بۆدەرخستنی خۆشەویستی بۆ ئەم کەسەدات، دووبارە کاری بکەو بتوانە بەهێمنانە ئەو لەرازی دلت تێبگاتو بتناسێت.

### جمك

سەرقاڵیو بیرکردنەوەت لەم کێشەیەی ماوەیەکە بێتاقەتی کردووی زۆر بەسانایی وەربگرە، دڵنیابە ئەو کێشەیە لەبەرژەوەندی تۆدا دەبێت لەکۆتاییدا، کەسێك حەز بەخۆشەویستی دڵت دەکات.

### قرژاڵ

کەسێکی حەز بە دڵتەنگی ناکەی، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی خۆشی دەبێت هەندێك ئازار بچێژی، ساڵی رابردوت بەرێکرد بەشێوەیەکی مام ناوەندی باشبوی بەڵام بورجەکەت دەخوازێت بریار لەخۆتەوە نەدەی.

### شێر

ئەم رێگەیەی گرتۆتە بۆ مامەڵەی نێوان خۆتو خۆشەویستت بەرەو گرفت دەچێت، لەرێگەی کەسێکەوە هەواڵێکی خۆش چاوەڕێ بکە، خۆت ئازار مەدە بەقسەکانی دەوروبەر.

### گوڵەگەنم

لەسەرەتای ساڵی نوێدا تووشی داوی خۆشەویستی دەبیت، لەهەستی کەسی بەرامبەرت بگە، کەسێکی تورەی لەقسەکردن پێویستیت بەگەشتێکە ئەنجامی بدەی، متمانەت بەخۆت هەبێت.

### تەرازوو

ئاییندەیەکی رووناك بکەوە کە چاوەڕوانتە، لەگەڵ دۆستانت کراوەتر بەو مامەڵەی سادەیان لەگەڵ بکە، هەنگاوێك بهاوێژە بۆ ئەو کەسەی لەلات گرنگەو بەدلی تۆیەو مەهێڵە کاریگەری کەسێك ببێتە هۆی رووخانی ژیانو حەزەکانت.

### دووپشك

رێگەی تازە بدۆزەرەوە بۆ ئەنجام دانی کارەکانت، گرنگی بدە بەلایەنی دەروونیت خۆت مەخەرە نێو گێژاوی دەریای خەم، دڵ فراوان بە لەرەخنە مەترسە.

### کەوان

بۆ زیاتر گرنگی دان بەکاروباری تایبەتیت پێویستە نهێنیە کەسایەتیەکانت ئاشکرا نەکەیت لای کەسانی نزیکت، لەهەنگاوی هاورێکانتدا چاوکراوەبە، لەلایەنی خۆشەویستیەوە ئارامو لەسەرخۆبە تا زیاتر ئەو کەسە دەناسیت کە ماوەیەکە لەدڵتدایە.

### گیسك

ئەو کەسەی هەستی پێ دەکەی ئەویش هەست بە تۆ دەکات، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆت هاورێکانت پشتگوێ مەخە، ئەم ماوەی رابردوت بەناخۆشی بردەسەر لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دڵ سافو راستگۆی.

### گۆزە

گرنگی دانی بەم کەسە وای لێدەکات لێت دوور بکەوێتەوە، بۆیە گرنگیدانت کەم بکەرەوەو مەهێڵە ئەو رێژەی بێزاری، ماوەیەکە هەست بە تەنگی دەکەیت ئەوەش زوو دەڕوات.

### نەهەنگ

ئەوەندە متمانەت بەخۆت نەبیت چونکە توشی گرفتی زۆر دەبیت، کەسێکی سادەی لەبیرکردنەوە هەوڵدە پەیوەندییەکانت توندوتۆڵتر بکەی، ئەو کەسەی لەدڵتە بۆت باش دەبێت.

ئەحمەد رامبۆ:

# یەکێتی ناوەندی لەشجوانی کەمتەرخەمە بۆ پێشخستنی ئەم یارییە

**عەبدولرەحمان ئادەم**

هەڵبژاردەی لەشجوانی عێراق بەشداری کرد لەپالەوانیەتی ئاسیا کە لەوڵاتی (هند) بەڕێوەچوو لەرێکەوتی ١٤-١٨/٨/٢٠٠٩ بەبەشداریکردنی ٣١ وڵات کە تێدا پێنج یاریزانی کورد نوێنەرایەتی عێراقیان کرد لەم پالەوانێتیە. یاریزانەکانیش بریتیبوون لە (ئەحمەد رامبۆو سەردار ئیسماعیلو عادل کەمال لەشاری هەولێر، نەزار ئەحمەد لەشاری دهۆك، هەروەها یاریزان ئایدن رەشید لەشاری کەرکوك لەپالەوانێتی بەساڵاچووان بەشداری کرد). هەڵبژاردەی عێراق لەئاستی تیپەکان پلەی چوارەمی بەدەست هێناو یاریزان (نەزار ئەحمەد) ملوانکەی زێری بەدەست هێناو هەر یەك لە یاریزانان (ئەحمەد رامبۆو سەردار ئیسماعیلو عادل کەمال) ملوانکەی زیویان بەدەستهێنا، بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەکەمان بەپێویستی زانی یاریزانی لەشجوانی نێودەولەتی (ئەحمەد رامبۆ) بەسەربکاتەوە.

*** ئاستی پالەوانێتی ئەمساڵ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- بەشێوەیەکی گشتی ئاستی پالەوانێتیەکە زۆر بەرزو باشتر بوو لەساڵانی پێشوو بەتایبەتی لایەنی هونەری ناوبژیوانیەوە، بەتایبەتی وڵاتی ئێران لەتیپە پێشکەوتووەکانەو عێراقیش وەك جاران ئاستی بەرەو پێش دەچێت.

*** وەك یاریزانێکی کورد هەست بەچی دەکەیت دوای بەدەست هێنانی ملوانکەی زیوی؟**

- ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بوو لەیەکەم بەشداری بوونمدا کە توانیم ملوانکەی زیو مسۆگەر بکەم ئەویش لەکێشی ١٠٠کگم بوو، هیوادارم لە پالەوانێتی جیهانی وەك کوردێکی سەربەخۆ بەشداری بکەم بەناوی کوردستان.

*** تاچەند دڵنیا بووی لە بەدەست هێنانی ئەنجامێکی وەها؟**

- لەساڵی رابردوو ئەنجامی هەڵبژاردەی عێراق وەك پێویست نەبوو، بەڵام ئەمساڵ راهێنەر شێوەی مەشقو بەرنامەی خۆراکی گۆڕیو ماوەی خۆ ئامادەکردن درێژکرایەوەو ئاستی یاریزانان بەرزی بۆوە، تارادەیەکی زۆر دڵنیابووین لە بەدەست هێنانی ئەنجامێکی باش.

*** دوای ئەو ئەنجامە ئایا وەك پێویست دەستخۆشیتان لێکرا؟**

- بەڵێ، مامۆستا سەلاح حەسەن خەسرۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بەفەرمی لەتەلاری لیژنەی ئۆلۆمپی پێشوازی لێکردینو دەستخۆشیان لێکردین بۆ وەدەستهێنانی ئەم ئەنجامەو بەشداربووانی خەڵات کرد.

*** بۆ بەشداری بوونتان لەم پالەوانێتیە تا چەند پشتگیریتان لێکراوە؟**

- وەك باسمکرد لەم پالەوانێتیە پشتگیریو پالپشتی زۆری مادیو مەعنەویمان لێکرا لەلایەن هەر دوو بەڕێزان مامۆستا سەلاح حەسەن خەسرۆ کاك هیمداد بارزانی کە بەڕاستی کاریگەریەکی دەروونی زۆری هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی




## هەواڵە وەرزشییەکان

**ئا/ عەبدولرەحمان ئادەم**

### مانگی داهاتوو شاندێکی یەکێتی تۆپی پێی ڤیڤا سەردانی کوردستان دەکات

سەرۆکی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان رایگەیاند رۆژی ٧ تشرینی یەکەمی داهاتوو شاندێکی یەکێتی تۆپی پێی ڤیڤا سەردانی هەرێم دەکات، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١١دا میوانداریی پالەوانیەتیی ڤیڤا بکات. سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان راگەیاند "لەو کاتەی لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بۆ دووەم جار بەشداریمان لەکاسی ڤیڤا لەئیتاڵیادا کرد، لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی ڤیڤا کۆبوونەوەمان کردو داوامان لێکردن میوانداریی پالەوانیەتیی ٢٠١١ بکەین". وابڕیارە شاندێکی بەرپرس لە یەکێتییەکە بەرەسمی سەردانی هەرێمی کوردستان بکاتو ٥ رۆژ دەمێننەوە بۆ ئەوەی بزانن هەرێمی کوردستان توانای میوانداریی پالەوانیەتیی هەیە.

### یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گەیشتە خولی نایابی عێراق

بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی چوە ریزی یانە پلە نایابەکانی عێراق دوای سەرکەوتنی لەیاری یەکلایی کردنەوەدا بەسەر یانەی تەربیەی رومادی بەئەنجامی ٨ گۆڵی بێ بەرانبەر کە لەرۆژی ٤/٩ لەیاریگای یانەی کەرکوك یاریەکە بەڕێوەچوو.

### یاریزانێکی یانەی کەربەلا کوژرا

لەئەنجامی تەقینەوەیەك لەسەر رێگەی کەربەلا - بەغدا، رۆژی ٧/٩/٢٠٠٩ یاریزان (ئەمیر سەعدی) یاریزانی یانەی کەربەلا لەکاتێکدا بەرێگابووە بۆ بەشداری کردن لەیەکەیەکی مەشقی یانەکەی کوژراوە، ئەمیر تەمەن ٢٢ ساڵ پێشتر یاریزانی یانەی بابل بووەو ٣ ساڵە لەیانەی کەربەلا یاری کردووەو یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراقیش بووە.

### میسی زۆرترین موچەی ساڵانەی بۆ دەبڕێتەوە

رۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانی رۆژی ٤/٩ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێرشبەری یانەی بەرشلۆنەو هەڵبژاردەی ئەرژەنتین (لیۆنێل میسی) باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠٠٩، مووچەکەی لەنێوان ١٠ بۆ ١٢,٥ ملیۆن یۆرۆ بۆ هەر ساڵێك دەبێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەریەك لە کریستیانۆ رۆناڵدۆو کاکای یاریزانانی ریال مەدریدو هەروەها زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ لەیانەی بەرشلۆنە مووچەی ساڵانەیان نۆ ملیۆن دۆلارە.

### سەرەتای ساڵی نوێ بێکهام دێتە میلان

تۆری سکای سپۆرتی ئیتالی ئاماژەی بەوە کردووە کە یانەی میلانی ئیتالیو یانەی ئەنجلس گلاکسی ئەمریکی گەیشتوونەتە رێککەوتنێك سەبارەت بەهاتنی یاریزانی ئینگلیزی دیڤید بێکهام بەشێوەی خوازراو بۆ یانەی میلان. ئەم رێککەوتنەش لەمانگی یەکی ساڵی ٢٠١٠ جێبەجێ دەکرێتو بێکهام بۆی هەیە بۆندەکەی لەگەڵ گلاکسی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام راپۆرتەکە ئەوەیان بەدوور زانی چونکە میلان ناتوانێ بۆندێکی درێژخایەن لەگەڵ بێکهام ببەستێ.

## گواستنەوەی یارییەکان بەبێ بەرنامەیی



**هیوا قادر**

لە هەموو وەرزێکی نویی تۆپی پێی ئەوروپا کاتێك خولەکانی وڵاتان لەرۆژانی شەممەو یەکشەممە بەڕێوە دەچن، یاخود کە خولی یانە پاڵەوانەکان لەرۆژانی سێشەممەو چوارشەممە بەڕێوەدەچێ.. بەزۆری وارێکدەکەوێت کە لەیەك کاتدا دوو یاری یان هەندێکجار لەخولی یانە پاڵەوانەکان هەشت یاری لەیەك کاتدا ئەنجام دەدرێت.. هاندەرانیش هەریەکەیان لە چاوەڕوانی تیپەکەی خۆیدایەو ئارەزوو دەکات کەناڵێك هەبێت یاریەکەی بۆ بگوازێتەوە. بەڵێ کەناڵە ناوخۆییەکانیش لەشاری هەولێر ژمارەیان زۆرە کەچی وارێك دەکەوێت هەندێ لە هاندەران بێبەش دەبن لەبینینی یاری یانەکەیان لەگەڵ بوونی ئەم ژمارە زۆرەی کەناڵەکان.. هۆکاری بێبەشبوونەکە نەگواستنەوەی یاریەکان نییە، چونکە زۆر جار لەوانەیە کەناڵە ناوخۆیەکان یاریەکە بگوازنەوە، بەڵکو هۆکارەکە نەبوونی هەماهەنگییە لەنێوان کەناڵەکانو هەندێك جاریش پێنج کەناڵ تەنها یەك یاری دەگوازنەوە. بێگومان لەم کاتەدا بێزاریەك دووچاری بینەری وەرزشی دەبێت بۆ دەبێت لە کۆی پێنج کەناڵ هەموویان تەنها یاری نێوان دوو یانە بگوازنەوە لەکاتێکدا چەند یانەیەکی تر یاریان هەیەو خاوەنی هاندەرو بینەری خۆیانن. مەرج نییە لەم شارەدا تەنها یەك دوو یانە هاندەری هەبێت، تۆش تەنها ئەو یاریەی بۆ بگوازیتەوە.. ئەگەر بەدواداچوونێك بۆ ئەم بابەتە بکەین بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندی لەنێوان کەناڵەکان بوونی نییە، بۆ دەبێت پەیوەندی لەنێوان کەناڵەکان نەبێت؟ بەتایبەتیش بەشی وەرزشی ئەم کەناڵانە. خۆ دەتواندرێت بەر لە هەر یارییەك کەناڵەکان پەیوەندی بەیەکەوە بکەنو لەسەر گواستنەوەی یاریەکان رێك بکەون، کە هەر کەناڵێك یاری نێوان دوو تیپو یەکێکی دیکەش یاری دوو تیپی دیکەی جیاواز بگوازێتەوە بەم جۆرەش بینەرو هاندەری هەر یانەیەك دەتوانێت یاری یانەکەی بەئاسودەیی ببینێت.

(سەیران خالید)ی کچە وەرزشوان:

# مامۆستای وەرزش لای قوتابیانو گشت خەڵکی خۆشەویستە

سەیران خالید حەسەن لە ساڵی ١٩٩٠ لە مەخموور لەدایکبووە، لەپۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەدواناوەندی میدیای کچان دەخوێنێت، وەك یاریزانێکی بەتوانا توانیویەتی لەیاریەکانی خۆهەڵدانو راکردنو تۆپی باڵەدا دەستکەوتی باش بۆ دەڤەری مەخموور بەدەست بێنی لەفیستیڤاڵەکاندا، بە باشمانزانی لەنزیکەوە سەیران بەسەر بکەینەوە.

**دیمانە: جەلال خەیلانی**

*** گەر لێت بپرسین کەی دەستت بەوەرزش کردووە؟**

- کاتێك لەقوتابخانەی سەرەتایی بووم دەستم بە وەرزش کرد لەبەر ئەوەی لەوکاتە من هەستم بە خۆشی دەکردو زۆر ئارەزووشم لەوەرزش بوو.

*** خانەوادەکەت رێگرت نەبووینە بۆ وەرزش کردن؟**

- نەخێر تائێستا هیچ کەسێك رێگر نەبووینە بۆ وەرزش کردنم، کاتێ لەیاریکردن سەرکەوتوو دەبم زۆر خۆشحاڵ دەبن دەست خۆشیم لێدەکەن کە وەکو کچێکی سەرکەوتوو لەچالاکییە وەرزشییەکان بەشدار دەبم، ئێمە ئەو تۆقەمان شکاندووە لەدەڤەری مەخموور ئەوەش سەربەرزییە بۆ ئێمە.

*** لە چەند خول بەشداریت کردووەو چ یاریەك ئەنجام دەدەی؟**

- لە گشت فیستیڤاڵەکانی پەروەردەی مەخموور بەشداریم کردووە وەك (خۆهەڵدانی بەرز) لەسەر ئاستی کچان توانیم چەند جارێك پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، لەراکردنی (٢٠٠م) پلەی سێیەم، لەسەر ئاستی پەروەردەکانی هەریم بۆ پەروەردەی مەخموور پلەی دووەمم بەدەست هێنا، بەشداری لەیارییەکانی (تۆپی بال—خۆهەڵدانی بەرز—راکردن) دەکەم بەڵام زیاتر بەیاری خۆهەڵدانی بەرز خۆشحاڵمو دەتوانم ئاستێکی بەرز نیشان بدەم.

*** کێ بە هاندەری سەرەکی خۆت دەزانی لەماڵەوەو لە قوتابخانە؟**

- یەکەم هاندەرم باوکی بەڕێزمو برا خۆشەویستەکەم بوو، لەقوتابخانەش مامۆستا جەلال خەیلانی بە هاندەرو هاوڕێی خۆم دەزانم، هەر ئەو فێری کردم وەرزشم خۆشبوێ.

*** کاتێ دەچیتە ناو یاریگا هەست بەچی دەکەی؟**

-هەست بەخۆشیەکی زۆر زۆر دەکەم واهەست دەکەم سەرکردەیەکی لێهاتووم بۆ دەڤەرەکەم.

*** هیوا خوازنیت ببی بە مامۆستای وەرزش؟**

- بەڵێ بێگومان، چونکە مامۆستای وەرزش لای قوتابیانو گشت خەڵکی خۆشەویستەو دڵ سافە لەگەڵ پیشەکەی.

*** بۆچی کچان لە دەڤەری مەخموور کەم بەرچاو دەکەون لەبواری وەرزش؟**

- بەڕاستی بەڕای من دایكو باوکان رێگرن لەبەردەم کچەکانیان، ناهێڵن کچەکانیان بەشداری چالاکی وەرزشی بن.

**• تۆ کە وەرزش دەکەی خەڵکان چۆن تەماشات دەکەن؟**

- ئەوەی هەست بەبیرێکی نوێ بکات دەست خۆشیم لێ دەکات، ئەوەی تر بەپێچەوانە، ئەگەر گوێ لەقسەی خەڵکان بگرم نابێ لەماڵ بێیتە دەرەوە.

*** ئەگەر سەیران بچێت بۆ هەڵبژاردەی کوردستان یان عێراق هەست بەچی دەکات؟**

- لەوکاتە دەردەکەوێت کە من توانیتم خزمەتێك بەکوردستانو دەڤەرەکەمو خانەوادەکەم کردووەو زۆر خۆشحاڵ دەبم.

*** چی بە دایكو باوکانی ئەم دەڤەرە دەڵێیت؟**

- داوام لەو دایكو باوكو برایانە ئەوەیە دەڵێم با ئێمەش لە کونجی دیوارەکان بێینە دەرەوە، چونکە کچانیش مافی خۆیان هەیە لەم ژیانە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن.



## تیروپشکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا

**ئا/کۆچەر - کۆسرەت**

لەشاری (مۆناکۆ)ی وڵاتی فەرەنسا تیروپشکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە تۆپی پێ بۆ ئەم وەرزشە راکێشرا، کە تیایدا چەندین رووبەڕووبوونەوەی بەهێزی بەخۆیەوە بینی کە ئەویش یاری نێوان بەرشلۆنەو ئەنتەرمیلان،و هەروەها یاری ئەی سی میلانو ریال مەدرید، یۆڤانتسو بایرەن میونخ، لە هەمان کاتیشدا خەڵات بەسەر باشترینەکانی وەرزی رابردوو دابەشکرا، ئەمەو (لیونیل میسی) بەباشترین یاریزانو گۆلکەری خولەکە دانرا، گروپەکانیش بەپێی تیرو پشکەکە بەو جۆرەیە.

گرووپی یەکەم: بایرەن میونخ - یوڤانتۆس - بۆردۆ - ماکابی حەیفا.

گرووپی دووەم: مانچستەر یونایتد - بیشکتاش - سیسکا مۆسکۆ -ولفسبۆرك.

گرووپی سێیەم: ئەی سی میلان - ریال مەدرید - مارسیلیا - زیورخ.

گرووپی چوارەم: چێلسی - بۆرتۆ - ئەتلاتیکۆ مەدرید - ئەبۆیۆل.

گرووپی پێنجەم: لیڤەرپوول - لیۆن - فیورینتینا - دیبریشین.

گرووپی شەشەم: بەرشلۆنە - ئەنتەرمیلان - دینامۆکیف - رۆبن کازان.

گرووپی حەوتەم: ئیشبیلیە - شتوتکارت - رینجەر - ئونیریائەوزیجینی.

گرووپی هەشتەم: ئەرسنال - ئەلکەمار - ئۆلۆمبیاکۆس - ستاندەر لینج.

## ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور ئەنجامی گەورە تۆمار دەکات

**عەبدولرحمان ئادەم**

بەڕێوەبەرایەتی وەرزشو لاوانی هەولێر لەپلانی ساڵانەی چەند خولی جۆراوجۆر بۆ ناوەندەکانی وەرزشو لاوان ئەنجام دەدات کە هەشت ناوەند لەخۆیەوە دەگرێت، بۆ یارییەکانی تۆپی پێو باسکەو باڵەو تۆپی دەست بەدوو قۆناغ بەڕێوە دەچێت کە دوو تیپ سەردەکەوێت بۆ قۆناغی کۆتایی ناوەندەکانی هەرێم، بۆ یارییەکانی تایکواندۆو تۆپی سەرمێزو شەترەنجو جمناستیك بەشێوەی کۆمەڵ بەڕێوە دەچن. ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور دوای گەڕانەوەی بۆ سەر ئیدارەی هەولێر لەساڵی ٢٠٠٤ هەموو ساڵێك تیپەکانی بەشداری ئەم خولانە دەکەن، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی بنکەیەکی فراوانی یاریزانانو گەشەکردنی ئەم یارییانە بەتایبەتی یاری تۆپی دەستو تۆپی باسکە کە ئەم دوو یارییە لەدەڤەری مەخموور بەدی نەدەکران، بەڵام ئێستا ململانێ لەگەڵ تیپەکانی دیکە دەکەنو رۆژ بەرۆژ ئاستی یاریزانان بەرەو پێش دەچێت. بەتایبەت تیپی تۆپی دەست ئێستا بەپلەی دووەم دێت لەریزبەندی ناوەندەکان کە تەنیا دوو یاری ماوە بۆ کۆتایی ئەم خولانە، لێرەدا بەشێك لەئەنجامەکانی تیپەکانی ناوەندی مەخموور لەقۆناغی دووەم دەخەینەڕوو:

**تۆپی پێ:**

ناوەندی مەخموور - ناوەندی رواندز (٢-١)

ناوەندی مەخموور - ناوەندی سۆران (٠-٣)

ناوەندی مەخموور - ناوەندی عەنکاوە(٢-٠)

**تۆپی دەست:**

ناوەندی مەخموور - ناوەندی سۆران (١٨-١٢) خاڵ.

ناوەندی مەخموور - ناوەندی کۆیە (٢٠-١٧) خاڵ.

**تۆپی باڵە:**

ناوەندی مەخموور - ناوەندی هەولێر (٠-٣).

ناوەندی مەخموور - ناوەندی کۆیە (٠-٣).

ناوەندی مەخموور - ناوەندی بەحرکە (٣-٠).

**تۆپی باسکە:**

ناوەندی مەخموور - ناوەندی کۆیە (٣٢-١١) خاڵ.

ناوەندی مەخموور - ناوەندی رواندز (٦٠-١١) خاڵ.

ناوەندی مەخموور - ناوەندی بەحرکە (٣٦-١٣) خاڵ.

بەڕێوەبەری نووسین
شێرکۆ مەحموود
٠٧٥٠٤٦٠٧١٨٣

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
خەلیل پالاَنی
عەبدولرەحمان ئادەم
فەرمان محەممەد

پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخمووری

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور